زانیاری سەبارەت بە داواکردنی خانوو لەفنلاند

(پەندێکی دانیمارکی) "ئەگەر لە دڵتدا جێگا هەبێ، ئەوا لە ماڵەکەیشتدا هەتە

لەماڵپەڕی جێنشینیدا زانیاری سەبارەت بە داواکردنی خانوو کۆکراوەتەوە. لە لاپەڕەکانیدا باسی شکل و شێوەی جۆراوجۆری جێنشینی دەکرێت :جێنشینی وەک کرێنشین http://www.infopankki.fi/ky-KG/vuokra-asunto/ " ئەگەر هاوسێکەت ڕاهاتبێت کە زوو لە خەو هەستێت، تۆش بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستیت " *(پەندێکی ئەلبانی)*

لە کوێوە خانووی کرێ پەیدادەکەیت؟

ئەو شوێنانەی خانوو بەکرێ دەدەن بریتین لە شارەوانیەکان، شارۆچکەکان، بیناسازەکان، موئەسەسەکان، شەریکەکانی تەئمین، بانکەکان و خاوەنی خانوە شەخسیەکان. بە گشتی خانووی کرێ ناتوانرێ بکڕدرێ .

زۆربەی هەرەزۆری خانووەکانی کرێ بە پارەی کەرتی ئازاد دروست کراون .

بەشێک لە خانووەکانی کرێ بە یارمەتی دەوڵەت دروست کراون .ئەمانە کە بە ئاراڤە یان بە یارمەتی بەهرەی قەرزی بانکی http://www.ymparisto.fi/default.asp?node=219&lan=fi پشتیوانییان لێ دەکرێت بۆ نموونە شارەوانیەکان و ڕێکخراوە گشتیەیە سوودمەندە هاوبەشەکان دروستی دەکەن و خاوەنیانن. کرێچیەکانی ئەو خانوانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیوانیان لێ دەکرێت بە گوێرەی هۆ ودەلیلی کۆمەڵایەتیەوە هەڵدەبژێردرێن. زانیاری زیاتر سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن و داواکردنەکەی لە ماڵپەڕی ympäristö.fi بە زمانەکانی فنلاندی ، سویدی و ئینگلیزی بەدەست دەهێنیت.

خانووی خوێندکار و لاوان هەیە. بۆ هەندێ گرووپی تایبەتی وەکوو کەم ئەندامان و بەساڵاچوان خانووی تایبەتی هەیە .

کەسێک دەشتوانێ بەشیکی خانوویەک بەکرێ بگرێ لە کرێنشینەکەی و تێیدا بژی .

دەکرێت لە خاوەنکارەکەت بپرسیت کە ئایا شوێنی کارەکە خانووی هەیە کە بە ناوی کارەکەوە پێت بدرێ. خراپی خانووی شوێنی کار ئەوەیە کە بەستراوەتەوە بە کارەکەتەوە، کاتێک شوێنی کارەکەت گۆڕی ناچار دەبی لە خانووەکەش بگوێزیتەوە .

خانوو لە کوێوە دەست دەکەوێت؟

"ناومکین نیە هەرچەندە گەڕان بەشوێن خانوودا لە ماسی کڕین زەحمەت ترە، بەڵام هێشتا
(پەندێکی فنلاندی)

لەم لاپەڕەیەدا زانیاری ئەوە بەدەست دەهێنیت کە لە کوێوە دەتوانیت بەدوای خانوودا بگەڕێیت. سەرەتا بیر بکەرەوە و بزانە کە ئایا خانووی کرێت دەوێت، خانووی خۆت، ئەو خانووەی کە بەشێکی دەبێتە خۆت یان ئەوەی کە کە مافی هەمیشەیی جێنشینی تێدا هەیە .

ئاگاداری لەسەر خانوو و بەرە دەتوانی بۆ نموونە لە ڕۆژنامەکان و تابلۆی ئاگاداریەکان ببینیتەوە. هەروەها پێویستە لە ئاشنایان، هاوسێکان و خزم وناسیاو و هتد سەبارەت بە خانووی بەتاڵ پرسیار بکەیت. گرنگە کە خۆت چالاک بیت .

دەتوانیت بۆ نموونە لەم شوێنانەوە بە شوێن خانوودا بگەڕێیت :

خانووەکانی کرێ

- ئاگاداری سەبارەت بە خانووی کرێ لە ئینتەرنێتدا، لە ڕۆژنامەدا، لەسەر تابلۆکانی ئاگاداری و هتد ...
- دەشتوانیت پرسیاری خانووی کرێ لە شەریکەکانی دەڵالی خانوو وبەرە بکەیت .
- زۆرێک لە بانکەکانی، شەریکەکانی تەئمین و ڕێکخراوی تر خانوویان هەیە کە بەکرێی دەدەن .
- لە تۆڕی خزمەتگوزاری (Asuminen.fi) لینکی تێدایە بۆ ماڵپەڕی ئەو بنکە وڕێکخراوانەی کە ئەو خانووانە بە کرێ دەدەن کە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیوانی دەکرێن بە زمانی فنلاندی و سوید .

ئەو خانووانەی کە مافی هەمیشەیی جێنشینی تێدایە

- لە ماڵپەڕی (Asuminen.fi) لینکی تێدایە بۆ ماڵپەڕی ئەو شوێنانەی کە خانووی مافی جێنشینی هەمیشەیی پێشکەش دەکەن بە زمانەکانی فنلاندی، سویدیو ئینگلیزی .

خانووی خۆ

- ئاگاداری فرۆشتنی خانوو لە ئینەرنێت و ڕۆژنامەکاندا
- دەشتوانیت پەیوەندی بە شەریکەکانی دەڵاڵی خانوو بەرە بکەیت .

خانوویەک کە بەشێکی هی خۆیە

لە تۆڕی خزمەتگوزاری (Asuminen.fi) لینکی تێدایە بۆ ماڵپەڕی ئەو بنکە وڕێکخراوانەی کە ئەو خانووانەی بەشێکی هی خۆیە پێشکەش دەکەن بە زمانەکانی فنلاندی و سویدی.

ئـــــــــــــەو خانووانـــــــــــــــەی لـــــــــــــــە تـــــــــــــــۆڕدان

www.etuovi.com

www.asuntoverkko.com

www.kiinteistomaailma.com

www.huoneistokeskus.fi

www.oikotie.fi
www.opkk.fi
www.huoneistoketju.fi
www.ovv.com
www.asunnonvuokraus.com

زانیاری زیاتر

بانکەکان زانیاری ئیجگار زۆر دەدەن سەبارەت بە جێنشینی، بازاری خانوو و بەرە، سەرمایەگوزاری و قەرز وەرگرتن، ئەو خانوانەی کە مافی هەمیشەیی ژیان تێیدا بەسەردەبەیت، ئەو خانوانەی کە بەشێکی مولکن وە خانووی کرێ

خانووی لاوان

لە ماڵپەڕی (Suomi.fi) زانیاری سەبارەت بە جێنشینی لاوانی تێدایە و لینکیش بۆ ماڵپەڕی ئەو شوێنانەی کە خانوو وبەرە پێشکەش دەکەن بە زمانەکانەکانی فنلاندی ، سویدی و ئینگلیزی.

لە ماڵپەڕی یەکێتی خانوو و بەرەی لاوان رێنوێنی- خانوو بۆ لاوانی تێدایە، کە یەکەم جاریانە دەگوێزنەوە بۆ خانووی خۆیان. رێنوێنیەکە بۆسەر ئەم زمانانەی خوارەوە وەرگێردراوە :

فنلانـــــــ

ئەمانی تایبەت هەیە بەناوی خانووی یەکەم کە بۆ ئەو دایکە لاوانەی دووگیانن و تەنیان لەبەرچاو گیراوە .

زانیاری زیاتر لە لاپەڕەی بارودۆخی قەیرانی بانکی زانیاریەوە بەدەست دەهێنیت .

زانیاری سەبارەت بە داواکردنی خانووی کرێ لە ماڵپەڕی بانکی زانیاریەوە بەدەستی دەهێنیت .

زانیاری زیاتر سەبارەت بە جێنشینی لە خانووی کرێدا

پێویستە هەمیشە پەیمانی کرێخانووی نووسراو ببەستی !

یاسا سەبارەت بەوخانوو وبەرانەی کە بەکرێ دەدرێن http://www.finlex.fi/fi/laki/ajantasa/1995/19950481 ، بەسەر هەموو خانووەکانی کرێدا دەڕوانێت. لە یاساکەدا بڕگەی یاسایی هەیە سەبارەت بە پەیمانی کرێخانوو، ئەندازەی کرێ هەروەها کوتایی هێنان و هەڵوەشانەوەی پەیمانی کرێخانوو .

، جێنشینی لە خانووی خۆدا هاوسێی باش نرخی خانوو دوو بەرابەر دەکات ". *)پەندێکی ئەڵمانی (*

خانووی خۆ

کەسێک ئەگەر سەرمایەیەکی کافی هەبێ دەتوانێ خانووی خۆی بکڕێ. بۆ کڕینی خانوو دەکرێ لە بانک قەرز وەربگیرێ. بەڵام هەموو پارەی خانوەکە ناکرێ قەرز بێ. سیستمی قەرزی جۆراوجۆر هەیە، کە بۆ نموونە بۆ تەمەنی جۆراوجۆر لەبەرچاو گیراوە. لە بانک پرسیاری شێوەکانی پاشەکەوت و قەرزی جۆراوجۆر بکە .

یارمەتی بەهرەی بانکی

دەوڵەت یارمەتی بەهرەی بانکی و زەمانەت بۆ قەرز لە بانکەوە دەدات. دەوڵەت ڕاستەوخۆ قەرز بۆ گڕینی خانووی خۆ نادات. یارمەتی بەهرەی بانکی لە ڕێگەی دوو سیستیمی جیاوازەوە دەدرێت. یەکێکیان لە ڕێگەی سیستمی ASP وە دەدرێت بەو کەسانەی کە خانووی یەکەمیان دەکڕن هەروەها لە ڕێگەی سیستمی یارمەتی بەهرەی بانکیەوە .

- سیستمی ASP http://www.ymparisto.fi/default.asp?node=802&lan=fi پاشەکەوتی خانوو و یارمەتیەیە بۆ قەرز لە بانکەوە. ئەمەش بۆ ئەو لاوانە لەبەرچاو گیراوە کە بۆ یەکەمین جار خانووی خۆیان دەکڕن. کاتێک دەست دەکات بە پاشەکەوت کردن دەبێ تەمەنی18-30 ساڵ بێت .
- باقی یارمەتیەکانی بەهرەی قەرزی بانکی http://www.ymparisto.fi/default.asp?node=800&lan=fi لەلایەن دەوڵەتەوە (سەیری بەشی *Omistusasunnot* "بکە(زۆرتر بۆ دروست کردنی

خانووی تاکی خۆ وە بۆ کڕینیخانووبەرەی سهامیلەبەرچاو گیراوە. هەروەها دەولەت بە شێوەیەکی تر یارمەتی کڕینی خانووی خۆ دەدات بەو شێوەی کە بەهرەی قەرزی بانکەکە دەتوانرێ لە باجی کەسەکە دابشکێنرێ .

لە ماڵپەڕی(Asuminen.fi) زانیاری زیاتر سەبارەت بە خانووی خۆ بە زمانەکانی فنلاندی ، سویدی و ئینگلیزیبەدەست دێت.

لە ماڵپەڕی زانیاری لەسەر نرخی خانوو (Asuntojen.hintatiedot.fi) زانیاری بە زمانەکانی فنلاندی و سویدی سەبارەت بە نرخی ئەو خانووانەی بۆ فرۆشتنن بەدەست دەهێنیت.

لە ماڵپەڕی(Ymparisto.fi) زانیاری زیاتر سەبارەت سەرچاوەی پارەی کڕینی خانووی خۆ بە زمانەکانی فنلاندی، سویدی و ئینگلیزی بەدەست دەهێنیت.

لە ماڵپەڕی دائیرەی موستەهلیکەوە http://www.kuluttajavirasto.fi/Page/6ffe3249-ef60-4b84-9a80-24baea817a20.aspx دەتوانیت ئەو بابەتانە بخوێنیتەوە کە لەکاتی کڕینی خانوودا پێویستە لەبەرچاویان بگریت .

بەشە خانووی خۆ

ئەگەر نەتوانی ڕاستەوخۆ خانوو بکڕی، بەشە خانوو دەتوانێ ڕێگایەک بێ بۆ ئەوەی ببی بە خاوەنی خانووی خۆت. کەسەکە سەرەتا بەشیک لە نرخی خانوەکە دەدات. بەم شێوەیە ئەو لە سەرەتادا بەقەدەر بەشە پارەکە خاوەنی بەشێک لە خانوەکەیە. شەریکەی خانوەکە خاوەنی بەشی هەرە زۆری خانوەکە دەبێ. سەرەتا ئەو کەسە لە خانوەکەدا وەک کرێنشین تێیدا دەژی، دواتر دەتوانێ هەموو خانوەکە بۆ خۆی بکڕێ .

"ژیانت تێیدا هەبێ جێنشینی لە خانوویەکدا کە مافی هەمیشەیی ،

(پەندێکی تەنزانی) "باڵندە دروست هێلانەکەی لە پووشێکەوە دەست پێدەکات

خانوویەک کە مافی هەمیشەیی جێنشینی تێدا هەبێ ڕێگایەکی دیکەیە لەبەردەم ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ خانوو بکڕن. سەرەتا 15- 30% نرخی خانوەکە دەدەیت هەروەها بڕی نرخی بەکارهێنانی خانوەکەیش دەدەیت، کە بریتیە لە کرێی خانوەکە. خانوویەک کە مافی هەمیشەیی جێنشینی تێدا بێ بەگشتی ڕاستەوخۆ دەست ناکەوێ، بەڵکوو دەبێ نۆرەی بۆ بگری. ئەم شێوەیە دڵنیات دەکات لە جێنشینیدا چونکە دەتوانیت تا پیت خۆشبیت لە خانوەکەدا بژیت. دەشتوانرێت خانوەکە بگۆڕدرێتەوە .

لە ماڵپەڕی(Asuminen.fi) دەتوانرێ زانیاری زیاتر سەبارەت بە داوای خانوویەک کە مافی هەمیشەیی جێنشینی تێدا هەیە بە زمانەکانی فنلاندی، سویدی و ئینگلیزی بەدەست بێت.

.لە ماڵپەڕەکەدا زانیاریش سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانی کرێنشین هەیە. هەروەها لەو ماڵپەڕەدا زانیاری بەسوود سەبارەت بە یارمەتی کرێخانوو ، بابەتی گشتی وهدەستوورەکانی ڕیکخستنی خانو وبەرە دەبینیت .

ئایا دەتەوێ خانوو پەیدا بکەیت؟

ئایا دەتەوێ زانیاری سەبارەت بە ماڵ گواستنەوە بزانیت؟

زانیاری زیاتر سەبارەت بە جێنشینی :

www.asuminen.fi) بە فنلاندی (
www.boende.fi) بە سویدی (
www.housing.fi) بە ئینگلیزی (